
# شیعری هاوچەرخی سوێدی





# ئارتوور لوندکڤیست

## 1906 - 1991

وەرگێڕنی لە سوێدییەوە: رزگار شێخانی
rizgar_shekani@yahoo.se

**وەرە لەبن ئاسمانی پایزدا بڕۆ**
**ئاسۆکان کۆڵەگەی شین بەسەر رۆژە خۆشەکانەوە توند دەکەن**
**پەلکەزێڕینەکانیش دەروازەی سەرسوڕهێنەر هەڵدەچنن**
**لەئێستاوە دارستانەکان سوورن و گوندەکانیش بۆنی دەغڵودانیان لێدێت**
**بابڕۆین، ڕێگای دوور بگرین و**
**ئازار بکێشین، تەنگانەو ناخۆشی ببینینو**
**چەند ساتێکیش بۆنی رەزی بۆنداری سەرڕێگا بکەین**
**کەهەمیشە نەناسراو بەهیوای زۆرەوە پێیدەگات _**

**رەنگە لەخانوێکی نەناسراودا بەختیاریت دەستبکەوێت و**
**لەودیوی پەرژینی ڕێگاشدا سوورترین ماچ بچنیت**
**بەڵام نەهێڵیت بتگرێت، رانەوەستیت _ هەر بڕۆ _ بڕۆ**
**هەمووشتێکی نوێ، ئەوانەش کەهێشتا دروست نەبوونەو**
**هەموو رووبارەکانیشت خۆشبوێ _**

**وەرە لەبن پەلکەزێڕینەیەکی جۆزەردانداا بڕۆ.**